

# دیوانی «گولزارا ئەڤیندارا» ی شێخ بەشیری هاشمی و داهێنانەکەی لە بیناکردنی کێش و ڕێتم دا

مریم عەبدولخالق عەلی
لوقمان عەبدولڕەحمان عەلی

دیوانە کلاسیکیە کوردیەکان بەردەوام جیگای گرنگی پێدانی لێکۆلەرەکان بوونە بەو پێیەی کە گەلەکبەی شاعیرەکانی کلاسیک کێشی عەرووزیان بەکارهێناوە کە کێشێکی عەرەبیە و جورە هێزیک و ڕێک و پێکیەک بە هەلبەست دەبەخشێ وە هەر بەم هۆیەوەیە ئەم بەرهەمە کلاسیکیانە لەناو نەچونەو لەکتیبخانەی کوردیدا ماون، ئیمەش لیرەدا هەستاوین بە ئەنجامدانی لێکۆلینەوەیەک لەژێر ناوی (کێش و ڕیتمێن دیوانا (گولزارا ئەڤیندارا) یا شێخ بەشیری هاشمی) کە هەلدەستێن بە دیاریکردنی کێشی عەرووز و ڕیتم لە هەلبەستەکانی دا، وەگرنگی ئەم لێکۆلینەوەیە ئەوەیە کە دەبێتە یەکەمین لێکۆلینەوە زانستی کە لەسەر بەرهەمێکی ئەم شاعیرە ئەنجام دەدرێت و کێش و ڕیتم لە هەلبەستەکانی دا دیاردەکرێت.

## ١ـ زانستی عەرووز:

عەرووز زانستێکە گرێدراوە بە ڕووخساری یەوە، هەر بەم هۆیەوەش شاعر و ڕەخنەگران گرنگی پێدەدەن و بووتە جێی گرنگی پێدانی خوێنەران.

عەرووز زانستێکی ئالۆز و پر وردەکارییە، لە یەکەی بچووک دەستپێدەکات کەسەبەب و وەتەدەن، هەتا دەگاتە تەفعیلە، دەریا و بازنەکانی عەرووزی.

### ١-١-زاراوە و پێناسەی عەرووز:

زانستی عەرووز یەکێکە لەو زانستانەی کەتا ڕۆژگاری ئەمرۆ کاریگەری گەلەکی لەسەر شاعیر و ئەدیبەکان هەبووە هەریەکێکیان بەشێوەیەک پێناسەیان بۆ زانستی عەرووز کردوە کەلێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەروو کەلەلایەن شارەزایانی زانستی عەرووز کراون کەدەلێن ((عەرووز ئەو زانستەیە کەلێکۆلینەوە لە کێشی شعر و ئەو دیاردە و کریارانەی پێوەی پەیوەستن دەکات بەو واتەیەی کەعەرووز کۆمەلیک یاسایە پێویستە لەسەر دێرکانی هەلبەست جێبەجێ بکرێت کەئەو یاسایەی گونجاوبن دروستە و ئەوانەی نەگونجاو بن هەلەن)) [١]. لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کەعەرووز گرنگیەکی گەلەک بە چەسپاندنی یاسا دەدات لە هەلبەستدا لەکاتی جێبەجێکردنی، هەر لەم ڕویەوە لە پێناسەیەکی تردا ((ئەو زانستەیە سنووری کێش و تەفعیلان ڕۆن و دیاردکەت دورستی ولەنگێن کێشی دەستنیشان دکەت)) [٢]. کە لەم پێناسەیە جیاواز لەوانیترباسی دیاریکردنی کەم و کورتیەکانی هەلبەست دەکات، (عبدالعزیزعتیق) دەلێت: ((عەرووز زانستی ڕێکخستنی هەلبەست و مۆسیقایە وە ئەو زانستەیە کەبنچینە و تایبەتمەندی بیردۆزی خۆی و بەدەست دەهێنرێ لەفێکردندا)) [٣]. وە لەم پێناسەیەش دا ئەوە دیاردەبێت کەزانستی عەرووز هەولێکە بۆ فیربوون و چونیەتی ڕێکخستن و دانانی بنچینەی هەلبەست بۆ شاعێران کەواتە وەکو زانستی فێرکردن پیشان دراوە، لەپێناسەیەکیتردا هاتووە: ((عەرووز زانستێکە لەرێگایەوە بنیاتی کێشی هەلبەستیان سیستمی شعری دیاری دەکات و ئەو زیحاف و عیلانەی پێی ناسراوە)) [٤]. کەواتە بۆمان دەرکەوت کەپێناسەکانی زانستی عەرووز هەمووی لەدەوری یەک بازنە دەخولێنەوە کەئەویش ئامانج لێی ڕیگا نێشاندانە بۆ شاعێران تا وەکو بتوانن بە شێوەیەکی ڕێک و پێک هەلبەستەکانیان لەسەر بنچینەیەکی بەهێز دابمەزرێنن.

### ١-٢- دانەری عەرووز:

چاکەی گەشەکردن و دانانی زانستی عەرووز دەگەرێتەوە بۆ (خەلیلی کوری احمدی فەراهیدی)کە لە سالی (١٠٠) کوچی لە شاری (یحمد)ی عومان لە دایک بووە، وە دواتر چووتە شاری بەسرا لە عیراق کە بە پایتەختی نحو ناسرابوو بەهۆی ئەوەی گەلەکبەی زانایانی ئاینی و زمانی عەرەبی و ئەدەبی تیدا ژیاون، لەم ژینگەیەدا(خەلیل)چاوی بەزانست هەلهێناوە وە خۆشەویستی خۆی بە زانست بەخشیوە و بەردەوام تیبینی لەسەر زانست و زانیاری هەبووە بەردەوام لێکولینەوەی لەو زانیاریانە کردووە کە بە ئاسانی وەلامیان بۆ نەدۆزراونەتەوە، تا ئەو کاتەی بە وەلامێک دەگەیشت کە ئەمەش سەرەتای دەرکەوتنی بوو لە نێو زانست [٥]، کەواتە ((ل سەر ڤێ بناغێ کێشا عەرووزێ ژ لایێ (خەلیلی کورێ ئەحمدی فەراهیدی)هاتە ڤەدیتن)) [٦]. کو (خەلیل) (١٥) دەریایی دامەزراند وە دەریایی شازدەم (متدارک) لە لایەن قوتابیەکەی (الاخفش) دوزرایەوە [٧] ((و مە گۆت ڤەدیتن نەکۆ دانان چونکی شاعێران کار ب ڤی بناغێ دکر هێشتا (فەراهیدی) نەهاتبوویە سەر دنیایێ، دڤێت نەهێتە هزرکرن ئەڤ علم ئەو زانایێ عەرەب ڤەدیتی و بناغەیێ وێ دانایین علمەکی تایبەت ب هەلبەستا عەرەبیڤە، یان پێگریا شاعری ب بناغەیێن ڤی علمی ڕەنگە هشکاتی و قالبەک بیت بۆ شیانا شاعرێ، بەلکی مەبەست پێ ئەوە شاعری مفایێ ژ بناغەیێن ڤی علمی وەرگرن بۆ هندێ وا ئەو کێش و مۆسقایێ هەلبەستا خۆ بهێزتر بئێخن)) [٨].

### ١-٣- پێکهاتەی عەرووز:

گەلەکێک لە عەرووززانانی عەرەب بابەتی دائیرەیی عەرووز بە گرێیەکی ئالۆز دەزانن وە هەندێکیان باسکردنی

بە پێویست نازانن، وە حیساب ڕاگرتنی قورسە وە مەسەلەی زیحاف و عیللەتی بارێکی قورسترە بۆیە لەم بوارەدا بە گرنگ وەرناگرێ[٩]، تەنیا باسی پێکهاتەکانی عەرووز دەکەین کە بریتین لە پێکهاتەی یەکەی بچووکی عەرووزی کە ئەمەیان دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی پێکهاتەی یەکەی گەورەی عەرووزی کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبکەین:

**١-٣-١- پێکهاتەی (یەکەی) بچووکی عەرووزی:**

لە بنەڕەت دا بریتییە لە بەدوایەکهاتنی دوو پیت یان زیاتر، لە زانستی عەرووز بەو یەکە دەنگیانە دەوترێت، کە یەکەیەکێکی لە خۆیان گەورەتر پێکدێنن کە پێیان دەگوترێت (پێکهاتەی (یەکەی) بچووکی عەرووزی) کە پێکهاتەکان لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

**ئێک/ سەبەب:** لە دوو پیت پێکهاتوە کە دووجۆرە:

**أ- سەبەبی سوک (خفیف):** بریتیە لە بەدوایەکهاتنی دوو پیت، یەکەمیان جولاوە دووەمیان وەستاوە، بۆ نموونە لە عەرەبی دا (فا، من، عن...) لە کوردیدا (ئەو، شەم...).

**ب- سەبەبی گران (ثقیل):** بریتیە لە بەدوایەک هاتنی دوو پیتی جولاو، بۆ نموونە لە عەرەبی دا ( بک، لک...) لە کوردی دا (ئەمە، وەرە...).

**دوو/ وەتەد:** لە دوو پیت پێکهاتووە دوو جۆری هەیە:

**أ- وەتەدی کۆ (مجموع):** بریتییە لە بەدوایەکهاتنی دوو پیتی جولاو، وە پیتێکی وەستاو، بۆ نموونە لە عەرەبی دا (علی، مفا، علن...) لە کوردی دا (سەحەر، هەدەر...)

**ب- وەتەدی بەلاو (مفروق):** بریتیە لە بەدوایەک هاتنی سێ پیت، یەکەم و سێیەمیان جولاون ناوەڕاستیان وەستاوە، بۆ نموونە لە عەرەبی دا (کیف، کیس...) لە کوردی دا (هەستە، لانە...).

**سێ/ فاسیلە:** لە چار پیت یان پێنج پیت هاتووە دوو جۆری هەیە:

**أ- فاسیلەی بچوک (الصغیری):** بریتیە لە بەدوایەکهاتنی سێ پیتی جولاو و پیتیکی وەستاو، یان بەدوایەکهاتنی سەبەبێکی گران و سەبەبێکی سوک، بۆ نموونە لە عەرەبیدا (علمت، متفا، فعلن...) لە کوردیـدا (کەسەکەم، بەرەکەت...).

**ب- فاسیلەی گەورە (الکبری):** بریتیە لە بەدوایەکهاتنی چار پیتی جولاو و پیتێکی وەستاو، یان بەدوایەکهاتنی سەبەبێکی گران و وەتەدێکی کۆ، بۆ نموونە لە عەرەبی دا (کتبم، فعلتن...) لە کوردیـدا (قەلەمەکەت...)[١٠].

لێرەدا بۆ هەر نیشانەیێکی جولاو (/) دائەنرێت و بۆ هەر نیشانەیێکی وەستاو (ە) دائەنرێت.

**١-٣-٢- پێکهاتەی یەکەی (گەورەی) عەرووزی:**

کۆمەلە دەنگێکن لە یەکەی (بچووکی) عەرووزی گەورەترن، دوو جۆر پێکهاتەی گەورە هەیە:

**أ- پێکهاتەی سەرەکی لە دوو یان سێ جۆر پێکهاتەی بچووک بە سەر یەکەوە دروست دەبێ،** واتا هەر پێکهاتەیک لە دوو یان سێ پێکهاتەی بچووک پێک دێت پێکهاتەی سەرەکی ژمارەیان هەشتە، هەندێک بە دەیی دادەنرێت و هەندێک بەحەوتی دادەنێت.

**ب- پێکهاتەی نا سەرەکی یان گۆڕاو:**

- **فعولن:** (وەتەدی کۆ + سەبەبی سووک).

- **فاعلن:** (سەبەبی سووک + وەتەدی کۆ).

- **مفاعیلن:** (وەتەدێکی کۆ + سەبەبێکی سووک + سەبەبی سووک).

- **مستفعلن:** (سەبەبی سووک + سەبەبی سووک + وەتەدی کۆ).

- **فاعلاتن:** (سەبەبی سووک + وەتەدی کۆ + سەبەبی سووک).

- **مفاعلتن:** (وەتەدیکۆ + سەبەبی گران + سەبەبی سووک).

- **متفاعلن:** (سەبەبی گران + سەبەبی سووک + وەتەدی کۆ).

- **مفعولات:** (سەبەبی سووک + سەبەبی سووک + وەتەدی بەلاو).

**تێبینی:**

- ئەوانەی بروایان وایە یەکە سەرەکیەکان ژمارەیان (١٠) ئەم دوو پێکهاتەی خوارەوە زیاد دەکەن:

• **مستفعلن:** (سەبەبی گران + وەتەدی بەلاو + سەبەبی سووک).

• **فاعلاتن:** (وەتەدی کۆ + سەبەبی سووک + سەبەبی سووک).

- ئەوانەی بروایان وایە کە ژمارەی پێکهاتەکان حەوتن ئەوا پێکهاتەی (مفعولات)حیساب ناکەن، چونکە لە عەرەبی دا وە هەروەها لە کوردیش دا بۆ شێوەی (سالم) بە کار نەهاتووە، تەنیا زیحاف و عللەتەکانی بە کارهاتووە[11].

**١-٤- بازنەکانی عەرووزی:**

لە سەرەتادا پێیان وابوو دەریاکانی عەرووزی لە (١٥) دەریای سەرەکی بێکهاتوون کە لەلایان (فەراهیدی) دامەزراوە، بەلام دواتر بەهۆی دامەزراندنی دەریای (١٦) لەلایان (الخفش) ئەوا بەم شێوەیە دەریاکانی عەرووزی بوونە (١٦) دەریا و دابەشبوون بە شێوەی خوارەوە بە سەر (٥) بازنەدا:

**ئێک/ بازنەی (موختەلیف):**

أ- **تەویل:** فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن ×٢

ب- **مەدید:** فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن ×٢

ج- **بەسیت:** مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن ×٢

**دوو/ بازنەی (موئتەلیف):**

أ- **وافیر:** مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن ×٢

ب- **کامیل:** متفاعلن متفاعلن متفاعلن ×٢

**سێ/ بازنەی (موجتەلەب):**

أ- **هەزەج:** مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن ×٢

ب- **رەجەز:** مستفعلن مستفعلن مستفعلن ×٢

ج- **رەمەل:** فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن ×٢

**چار/ بازنەی (موشتەبیە):**

أ- **سەریع:** مستفعلن مستفعلن مفعولات×٢

ب- **مونسەریح:** مستفعلن مفعولات مستفعلن ×٢

ج- **خەفیف:** فاعلاتن مستفعلن فاعلاتن ×٢

د- **موزاریع:** مفاعیلن فاعلاتن مفاعیلن ×٢

ە- **موقتەزەب:** مفعولات مستفعلن مستفعلن ×٢

و- **موجتەس:** مستفعلن فاعلاتن فاعلاتن ×٢

**پێنج/ بازنەی (موتتەفیف):**

أ- **موتەقاریب:** فعولن فعولن فعولن فعولن ×٢

ب- **موتەداریک:** فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن ×٢[12]

**١-٥- عەرووز لە هەلبەستی کوردیدا:**

چونکە کێش لە جەرگەی زمانەوە هەلدەستێ بوویە هەر زمانێک کێشی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەکارهێنان لە دامەزراندنی هەلبەستی نەتەوەیی، بەلام لە ئەنجامی پەیوەندی ڕۆشنبیری گەلێک بە گەلێکی تردا یان پەیوەندی ئایین و نزیکی ژیانەوە لەوانەیە کاریگەری گەلەک بخاتە سەر گەلێک لە رووی بەکارهێنانی کولتووری نوسین و یاسای زمانی وئەدەبی.

کوردیش هاوشێوەی میللەتی تورک و فارس کەوتوتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی وە بە تایبەتی زانستی عەرووزی لەو زمانە دا هەبووە بووەتە هۆکاری ئەوەی شاعیرەکانی بە شێوەیەکی فراوان لە هەلبەستەکانیان بەکاری بهێنن کە مێژووی بەکارهێنانی دەگەرێتەوە بۆ (بابە تاهیری هەمەدانی ٩٣٧ -١٠١٠ز)[13] کە هەلبەستەکانی لەسەر کێشی عەرووزی دامەزراندووە سەرەرای ئەوەی ئەم

زانستە بۆ زمانی کوردی زانستێکی بیانیە هەروەکو مارف خەزنەدار دەڵێ: (عەرووز وەکو کراسێکی تەسکە کە لەبەر پیاوێکی قەڵەوی بکەی) واتا شاعیرەکانمان بە ناچاری لەگەڵ زمانی کوردی دا گونجاندوویانە بەلام ئەو دەریایەنەیان بەکارهێناوە کەزیاتر لەگەڵ زمانی کوردیا دەگونجی.

یەکەم ڤەکۆلەری ئەکادیمی (د. محەمەد بەکر) بوو کە دیوانەکانی هەلبەستی کلاسیکی بە هژمار و ڕێژەی سەدی بە خشتە دیارکرد، لە لیکۆلینەوەی دیوانەکان دا گەیشت بەم ئەنجامەی خوارەوە(١٤):

| ژمارە | کێشەکانیان | ڕێژەکانیان |
|---|---|---|
| ١ | هەزەج | ٪٤٩ |
| ٢ | رەمەل | ٪٣٥,٩ |
| ٣ | موزاریع | ٪٧,٤٥ |
| ٤ | رەجەز | ٪٣,١٩ |
| ٥ | موتەقاریب | ٪٠,٥ |

**١-٦- کورتەیەکی مێژووی لەسەر عەرووزی کوردی:**

دوای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە رۆژهەلات و بە تایبەت (کوردستان) بووە هۆی ئەوەی کاریگەری گەلەک بکاتە سەر کولتوور و ڕۆشنبیری کورد بە تایبەتی زمانی عەرەبی کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی کرد و ئەمەش بەشێک بوو لەگۆڕینی زانست و ڕۆشنبیری، دواتر شاعیرانی کورد کەوتنە ژێر گاریگەری زانستی عەرووز و هەلبەستەکانیان بەو زانستە دارشت، بەلام ئەدەبیاتی کوردی بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەکەوتە ژێر کاریگەری ئەم زانستە بەلکو بە شێوەی ناراستەوخۆ بوو، بەلام فارسەکان عەرووزیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەعەرەبەکان وەرگرت وە کوردیش لە فارسەکان وەریانگرتووە کە بە کۆمەڵێک گورانکاری هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردیـدا.

دەتوانین بلێین لەم چەند خالەدا بە شێوەیەک ڕوونی دەکەینەوە کە شاعیرانی کورد عەرووزیان لە فارسەوە وەرگرتووە:

أ- ((هندەک کێش د هەلبەستا عەرەبی دا ب ڕەنگەکێ گەلەک هاتییە بکارئینان وەکو کێشێ (تەویل، مەدید، وافیر) لێ د هەلبەستا فارسدا گەلەک کێم هاتییە بکارئینان، هەروەسا د هەلبەستا کوردی دا ئەڤ دیاردەیە بەرچاڤ دکەڤیت، هەروەسا چەندین کێشێن دی وەکو (موجەنەس، هەزەج، موزاریع) د هەلبەستا عەرەبی دا کێم هاتییە بکارئینان لێ د هەلبەستا کوردی و فارسی دا گەلەک هاتییە بکارئینان، واتا پتر ئەو کێش هاتییە بکارئینان کۆ دگەل تایبەتمەندییا زمانی وانا دا گونجاندن، هندەک کێشی دی د ناڤ هەرسێ زمانان دا ب ڕێژەکا گەلەک هاتییە بکارئینان)).

**ب-** ((کێشێ (رەمەل، هەزوج، ڕەجەز، موزاریع، موجنەس) دناڤ بازنێ (خەلیلی) دا ب شێوەی شەش هەنگاویە؛ لێ ئەڤ جۆرە کێشە د ناڤ فارسی و کوردی دا ب شێوەی هەشت هەنگاویە))

**ج-** ((داهێنانا کێشا ڕوباعی ل دەڤ فارسان دا ل سەر کیشا هەزەج هاتییە ئاڤاکرن و قالبێن ئەڤێ کێشێ ب شێوەی دوو شەجەران (ئەخرەب، ئەخرەم) هاتییە دانان و بکارئینان و شەجەرا ئەخرەب د ناڤ هەلبەستا کوردی دا بەرچاڤ دکەڤیت))(١٥).

عەرووز کە کێشی هەلبەستی عەرەبی یە لە دوای بلاوبوونەوەی ئیسلام لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەرپەریە نیو هەلبەستی ئەو موسلمانە نا عەرەبانە کە یەکێک لە وان کوردە، هەلبەستی کوردی بابا تاهیر بە کێشی عەرووز هۆنراوەتەوە دوای ئەوەش هەلبەستی مەلای جزیری (١٥٧٠ـ ١٦٤٠ز) و ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ١٧٠٦ز) شاعێرانی سەدەی نۆزدەیەمینی سۆران وەکو نالی و وەفایی و حاجی قادری کۆیی گەلەکتر بەم کێشە هەلبەستیان هۆنیوەتەوە تا وای لێهاتووە بووەتە بەشێک لە کەلەپوری ئەدەبی کوردی(١٦).

**١-٧- دەریا و کێشی عەرووزی کوردی:**

لە هەلبەستی کلاسیکیی کوردی دا ژمارەیەک کێش بەکارهاتووە، بەلام لە هەموویان زیاتر (هەزەج) و (رەمەل) بەکارهێنراوە، چونکە زیاتر لە گەڵ زمانی کوردی دەگونجین.

### ١-٧-١- دەریای هەزەج:

دەریای هەزەج یەکێکە لەدەریاکانی هەلبەستی عەرەبی، کە لە هەلبەستی کوردیش دا بەکاردەهێنرێت، یەکێکە لەو دەریایانەی کە لەگەل زمانی کوردی دا گەلەک گونجاوە بۆ نووسینی هەلبەست بە رێژەیێکی گەلەکتر لەچاو دەریاکانی تر کە دەکرێ بە شێوەی تەواو و زیاد و کەم بەکاربهێنریت، (خەلیلی کوری ئەحمەدی فەراهیدی) ناوی لێناوە هەزەج، چونکە شێوەی لەرینەوەی دەنگ یان دەنگدانەوەی هەیە، ئەمەش لەبەر بوونی دوو دەنگی ئاسان کە لە سەرەتای بەشەکانی دێن، یان ناسراوە بەهەزەج چونکە عەرەب ئاوازی خۆشیان تێدا دەدۆزیەوە یان گورانیان پێ دەوت پێش هاتنی ئیسلام.

هەزەج بەتەواوی ڕێکخراو و باوەرپێکراو نیە بەلکو بەهۆی تێکەلبوونی لەگەل کورتکراوەی (مجزوء) دەریای وافر بەتەواوی دەردەکەوێت[١٧].

دەریا هەزەج لە هەلبەستی عەرەبیدا لە سەردەمی عەبباسی دا گەلەک بەکار نەدەهێنرا (١٪) تێپەری نەدەکردوە ئەم ڕێژەیەش بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو سەردەمی نوێ وە شاعیرە نوێیەکان بەکاریانهێنا[١٨].

لەبنەرەتدا کێشی هەزەج بریتیەلە:

**مــــفاعــــیلن مــــفاعــــیلن مــــفاعــــیلن**

**مــــفاعــــیلن مــــفاعــــیلن مــــفاعــــیلن**

لە خشتەی دیاری دەریایی هەزەج دا کە یەکەیێکی عەرووزی تەوتووی دابەشکراوە کە کێشی (مفاعیلن) دوولێکدانی هەیە[١٩]، بە لابردنی (مفاعیلن) کێشی تووشی لابردن دەبێت ئەویش کەوتنە سادەیی کۆتایی تەفعیلەیە (مفاعیلن, مفاعی، فعولن)[٢٠] لێرە دا دەتوانین قالبە کێشی زیحاف و علەکانی بەم شێوەیە دیاربکەین[٢١]:

| مەفاعییلون | ب---(٤ برگە) | سالم (تەواو) | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەفاعییلان | ب-- -/٥ | موسەببەغ | عیللە |
| ٢ | مەفاعیلون | ب-ب- | مەقبووز | زیحاف |
| ٣ | مەفاعییلو | ب-- ب | مەکفووف | زیحاف |
| ٤ | فەعوولون(مەفاعیی) | ب-- | مەحزووف | عیللە |
| ٥ | مەفاعییل | ب--/٥ | مەقسوور | عیللە |
| ٦ | مەفعوولو | ــ ب | ئەخرەب | عیللە |
| ٧ | فەعەل | ب - | مەجبووب | عیللە |
| ٨ | فەعوول | ب -/٥ | ئەهتەم | عیللە |
| ٩ | فەع | - | ئەبتەر | عیللە |
| ١٠ | فاع | -/٥ | ئەزەل | عیللە |

### ٢-٧-١- دەریایی ڕەمەل:

رەمەل یەکێکە لەو دەریایانەی کە لە زانستی عەرووز بە گرنگ هەژمار دەکرێت، کە هەلبەستی عەرەبی پێ هۆنراوەتەوە، ئەم دەیایە بە هەمان شێوە لە هەلبەستی کوردیش دا بەکارهاتوە و گرنگی خوی هەبووە بۆ زمانی کوردی بە بەراورد لە

گەل دەریاكانی تر، كێشی ڕەمەل لە بازنەی سێیەمدایە و وە تەفعیلەكانی لە بازنەی خۆیدا ئەمانەن.

**فاعلاتون فاعلاتون فاعیلاتون**

**فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون**

واتا هەر دێڕێکی شەش هەنگاوییە (٣×٣) دەشی بە كورتكراوەی (مجزوء) بەكاربێ واتا بە چار پێیی (٢×٢) هەروەها دەشێ بە زیادكراوەیی بەكاربێ هەشت پێی (٤×٤)، ڕەمەل لە كوردی دا (١٢) قالبی جیاجیای هەیە[٢٢].

كێشی ڕەمەل لە زمانی كوردی دا ئەم گۆڕانكاریانە وەردەگرێت:

| فاعیلاتون | ب ـــ (٤ برگە) | سالم (تەواو) | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فاعیلاتان | ـــ ب ـــ ـــ٥/ | موسەببەغ | عیللە |
| ٢ | فاعیلاتو | ب ـــ ب | مەكفووف | زیحاف |
| ٣ | فەعیلاتون | ب ب ـــ ـــ | مەخبوون | زیحاف |
| ٤ | فاعیلون | ب ـــ | مەحزووف | عیللە |
| ٥ | فاعیلان | ب ـــ٥/ | مەقسوور | عیللە |
| ٦ | فەعیلون | ب ب - | مەخبوون مەحزووف | عیللە |
| ٧ | فەعیلان | ب ب ـــ٥/ | مەخبوون مەقسوور | عیللە |
| ٨ | فەعلون | ـــ | ئەسڵەم | عیللە |
| ٩ | فەع لان | - -٥/ | ئەسڵەم موسەببەغ | عیللە |
| ١٠ | فاع | -٥/ | مەجحووف موسەببەغ | عیللە |

**١-٧-٣- دەریایی ڕەجەز:**


بە یەكێك لە دەریاكانی هەلبەستی عەرەبی ئەژمار دەكرێ كە شاعێران بە شێوەیێکی فراوان بەكاریان هێناوە، لە زمانی كوردیش دا بە شێوەیەكی گەلەک گونجاوە بەكارهاتووە بە شێوەی تەواو و زیادكراو و كەم كراو، چەند بیروڕای جیاواز هەنە لە بارەی ناونانی ئەم دەریایە دا، زانایان دەلێن بەوە ناونراوە كە لە وشترێک دەچێت كە پێیەكانی دەلەرێتەوە (دەلەرزیتەوە) لە كاتی بەڕێوەچوون دا، یان بە هۆی جولانی دوو قیت لە تەفعیلێكدا وە (ابن درید) دەلێت بەوە ناونراوە بەهۆی لێک نزیكی بەشەكانیەوە وە كەمی پیتەكانی[٢٣]. دەریای ڕەجەز بە ئاسانترین دەریا دادەنرێت لە عەرووزدا بە هۆی گەلەک گۆڕانكاری لە بەشەكانی دا و هەمەجۆری لە كێشی دا بۆیە لەلایان شارەزایانی ئەم زانستی پێی دەگوترێت (حمار الشعرا) دەریایی ڕەجەز لە كوتای سەردەمی ئەمەوی و سەرەتایی سەردەمی عەباسی گەشەی گەلەک باشی بە خۆیەوە بینی بە شێوەیەكە گەلەک لە لایەن شاعیرانی ئەو سەردەمە بەكارهات[٢٤]. گرنگترین زیحاف و عیلەلێن تەفعلا (موستەفعیلون) د هەلبەستا كوردی دا ب ئەڤێ شێوەیە [٢٥]:

| موستەفعیلون | ـــ ب ـــ (٤ برگە) | سالم (تەواو) | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | موستەفعیلان | ـــ ب ـــ٥/ | موزال | عیللە |
| ٢ | موفتەعیلون | ب ب ـــ | مەتوی | زیحاف |
| ٣ | مەفاعیلون | ب–ب - | مەخبوون | زیحاف |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | مەفاعیلان | ب – ب -٥/ | مەخبوون موزال | عیللە |
| ٥ | فەعوولون | ب-- | مەتوی مەخلووع | عیللە |
| ٦ | مەفعوولون | - -- | مەقتووع | عیللە |
| ٧ | موستەفعیلاتون | ـ ب ـ ـ | مورەففەل | عیللە |

**١-٧-٤- دەریایی موزارع:**

یەکێکە لە دەریا لێکدراوەکان (ئەم دەریایە یەکێکە لە دەریاکانی هەلبەستی عەرەبی کە لە هەلبەستی کوردیش دا بە شێوەێکی بەرچاو بەکارهاتووە) بۆ نموونە (نالی) (١٢٠) هەلبەستی بەم کێشە گۆتووە کە لە ژمارەی ئەو هەلبەستانەی زیاترە کە بە کێشی (رەجەز) نوسیویەتی[٢٦]، دەریایی موزارع دەریاییێکە کە دەکرێت ون بێت لە هەلبەستدا کە نازانرێت پالنەر بووە بۆ (خەلیل) کە وەکو تێهەلچونێک بەکاریبێنێت[٢٧]، وە دەبینرێت کە شاعیرانی عەرەب ئەم دەریایەیان پشتگوێخستووە، سەرەرای هەبوونی لە سیستەمی عەرووزیدا وە بیردۆزی زانستی دا، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە هندی شت هەنە لەگەل بنیاتی هەلبەستی عەرەبی دا ناگونجێت[٢٨].




کێشەکانی دەریایی موزارع بریتییە لە:

**مەفاعییلون فاعیلاتون مەفاعییلون**

**مەفاعییلون فاعیلاتون مەفاعییلون**

**٢- کێش و ڕیتمەکانی دیوانی (گولزارا ئەڤیندارا):**

بەشی دووەمی کە تەرخانکراوە بۆ پراکتیکردنی کێش و ڕیتمی دیوانا (گولزارا ئەڤیندارا)ـی شێخ بەشیرێ هاشمی، سەرجەم هەلبەستەکانی دیوانەکەی هاتوەتە وەرگرتن و بە پێی کێش و قالبە کیشەکان شیکراونەتەوە و دیاریکراون، هەروەها لەم بەشەدا کورتەیەک لە ژیانی و بەرهەمەکانی نوسراوە.

**٢-١- کورتەی ژیانی (شێخ بەشیری هاشمی):**

هەر وەکو لەپێشەکی دیوانەکەی دا هاتوە ((ناڤێ وی یێ تمام محەمەد بەشیرە کورێ سەید حەسەنێ کورێ سەید ئەمێنی قەلەندەری یێ هاشمیە)) ل سالا (١٩٢٤ز) ل گوندی (بریفکا) ژدایک بوویە، ژبەرکو بابێ وی مەلایێ

گوندی بوویە کورێ خۆ هە ژ زارۆکینی دانایە بەر خواندنێ لە مزگەفتی و وی بخۆ دەرس دانێ و ئەو فێری خواندن و نڤیسینی کری یە بەلێ هەر ژ زارۆکینی یێ بابێ وی چوویە بەر دلۆڤانی یا خۆدی ئەو ب تنی هێلایە و بوویە مەزنێ مالێ و شێخ بەشیر بوویە مەلایێ گوندی خۆ و دگەل کاری مەلایەتی یێ کارێ بازرگانی دکر شێخ بەشیر د ژیێ (١٥) سالیدا ژن ئینایە و خودانێ سێزدە زارۆکان بوویە پشتی دەست ژ کارێ مەلایەتی بەردا چوویە(حەسەکە) ل وێرێ ئاکنجی بوویە. هەتا ل ئەیلولا سالا (٢٠١٥ز) چوویە بەر دلۆڤانی یا خودێ لە جهەکێ ڤەدەر ژ مری و ساخان ل سەر لێڤا ڕیبارێ جەقجەقێ ل تاخێ (سالحی) هات ڤەشارتن))[٢٩].

**٢-٢- کێش و قالبەکێش لە دیوانی (گولزارا ئەڤیندارا):**

کێشی عەرووز لە دیوانی ئەم شاعیرە وەکو شاعیرانی تری کوردی ئەو دەریایانەی بەکارهێناوە کە لەگەل زمانی کوردی دەگونجێن وەکو دەریاکانی (هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەز و موزاریع) کە بەپێی ڕێژەی هەر دەریایەکی عەرووزی قالبەکێشی دیاری دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٢-٢-١- کێشی هەزەج لە دیواندا:**

یەکێکە لەو دەریا فراوانەی لە دیوانی گولزاری ئەڤیندارا بەکارهاتووە بەرێژەیەکی گەلەک شاعیر پشتی بەم دەریایە بەستووە و چەند قالبێکی بەکارهێناوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٢-٢-١-١- هەزەجی(٨) تەفعیلای سالم:**

**سلامێ مەست و حەیرانێ ل باغێ سۆرگولا ناری**

**ژعەردێ تا ب کەیوانێ هەمی ڕوژ و شەڤی تاری**[٣٠]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سە | لا | مێ | مەس | تو | حەی | را | نێ | ل | با | غێ | سۆر | گو | لا | نا | ری |
| ژ | عەر | دێ | تا | ب | کەی | وا | نێ | هە | می | رۆ | ژو | شە | ڤێ | تا | ری |
| ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | - |
| سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (١٦ =١٦) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: هەزەجی (٨) تەفعیلای سالم.

لەم دیوانە دا بە شێوەیەکی گشتی لە نەهـ هەلبەست دا ئەم قالبە هەلبەستە بەکارهاتووە بەم شێوەی خوارەوە:

| ژ | ناوی شعر | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | ژ سررا ( علم الاسما) | ١٣ |
| ٢ | بەرانبەر سالوێ وەستابووم | ٣٦ |
| ٣ | گەلۆ دیسان ژسەر بەدرێ | ٩٩ |
| ٤ | سالا من وەرە | ٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | نزانی من دلێ سادە | ١٠٨ |
| ٦ | ستەم یارێ ل دل دانێ | ٢٥ |
| ٧ | ب کوپالێ مەجالێ | ٢٩ |
| ٨ | ژ نوشا وێ | ١٤٤ |
| ٩ | سەلامێ مەست و حەیرانێ | ١٥٦ |

**٢-٢-١-٢- هەزەجی (٨) تەفعیلەی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف:**

**منەت کو تو ئیرۆ چ شەهی عالی جەنابە**
**دەنگێ تە ل دونیا نەل حەدد و نەحیسابە**(٣١)

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| من | نەت | کو | تو | ئی | رۆ | چ | شە | هێ | عا | لی | جە | نا | بی |
| دەن | گی | تە | ل | دون | یا | نە | ل | حەد | دو | نە | ح | سا | بە |
| - | - | ب | ب | - | - | ب | ب | - | - | ب | ب | - | - |
| ئەخرەب | | | | مەکفووف | | | مەکفووف | | | | مەحزووف | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (١٤ = ١٤) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: هەزەجی (٨) تەفعیلەی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف.

لەم دیوانەدا چار هەلبەست لەسەر ئەم قالبە کێشە بەکارهاتووە بریتین لەمانە:

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | ئەهلان بۆ قدومەتا | ١٥ |
| ٢ | ئەی نازک و شەنگێ | ٧٨ |
| ٣ | فەرموو وەرە | ٨١ |
| ٤ | مننەت کو تو ئیرۆ | ٩٤ |

**٢-٢-١-٣- هەزەجی (٦) تەفعیلەی مەحزووف:**

**فەلەکـێ دۆرانــی بــێ ســۆز و قــەرارێ**
**تەدانــی پــەردە بــەر چاڤــا نەیــارێ**(٣٢)

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فە | لەک | دۆ | را | نی | بێ | سۆ | زو | قە | را | رێ |
| تە | دا | نی | پەر | دە | بەر | چا | ڤا | نە | یا | رێ |
| ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - |
| سالم | | | | سالم | | | | مەحزووف | | |

ــ ئاستی کێش: دروسته (١١=١١) برگە.

ــ ئاستی ڕیتم: هەزەجی (٨) تەفعیلای مەحزووف.

لەم دیوانە دا حەوت هەڵبەست لەسەر ئەم قالبە هەڵبەستە نوسراوە:

| ژ | ناوی هەڵبەست | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | ئەگەرجارەک | ١٨ |
| ٢ | چ تیرڤانەک ژ قەوسێ | ٣٨ |
| ٣ | فەلاک دورانێ | ١٢٨ |
| ٤ | حەبیبی دل | ١٣٢ |
| ٥ | دبالایێ دلا دلبەر | ١٣٥ |
| ٦ | نەمازانم ب گازن بم | ١٣٧ |
| ٧ | هەرە پرسی | ١٣٩ |

**٢-٢-١-٤- هەزەجی (٦) تەفعیلەی مەقسوور:**

**ب ڕاڤــا چوومــە ڕنــدا دل نەهــات دەســت**
**ژ ناچــاری مــە دل بــەردا ئــو دا دەســت**[٣٣]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | ڕا | ڤا | چوو | مە | ڕن | دا | دل | نە | هات | دەست |
| ژ | نا | چا | ری | مە | دل | بەر | دا | ئو | دا | دەست |
| ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | ٥/ |
| سالم | | | | سالم | | | | مەقسوور | | |

ــ ئاستی کێش: دروستە ( ١١=١١) برگە.

ــ ئاستی ڕیتم: هەزەجی (٦) تەفعیلای مەقسوور.

لەم دیوانەدا سێ هەڵبەست لەسەر ئەم قالبە نوسراوە:

| ژ | ناوی هەڵبەست | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | ب ڕاڤا چوومە ڕندا | ٤٦ |
| ٢ | عومر بەیعودە بووری | ٨٨ |
| ٣ | ئەڤین گەلەکە | ١٥١ |

ڕێژەی ژمارەیی ئەو قالبەکێشانەی دەریای هەزەج کە لەم دیوانە بەکارهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | قالبەکێشەکانی هەزەج ژمارە | ڕێژەی | سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | هەزەجی (٨) تەفعیلەی سالم | ٩ | ٪ ٣٩,١٣ |
| ٢ | هەزەجی (٨) تەفعیلەی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ٤ | ٪ ١٧,٣٩ |
| ٣ | هەزەجی (٦) تەفعیلەی مەحزووف | ٨ | ٪ ٣٤,٧٨ |
| ٤ | هەزەجی (٦) تەفعیلەی مەقسوور | ٢ | ٪ ٨,٦٩ |
| | سەرجەم | ٢٣ | ٪١٠٠ |

**٢-٢-٢- کێشی ڕەجەز لە دیواندا:**

کێشی ڕەجەز بە شێوەیەکی گەلەک بەکارهاتووە لەلایەن شاعیرەکەوە، لەدیوانی (گولزارا ئەڤیندارا) کە دەکاتە نزیکە (٪٣٣,٣٣)ـی هەروەها چەند قالبەکێشیش بەکارهاتووە:

٢-٢-٢-١- ڕەجەزی (٨) تەفعیلەی سالم:

**حوســن و جەمــالا دلبــەرا شــیرین و ڕنــد و ســورپەرا**
**صورەت فەرشتو پەروەرا دل گـی تـی یـێ جەنتـا سـەرا**[٣٤]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حوس | نو | جە | ما | لا | دل | بە | را | شیـ | ریـ | نو | ڕن | دو | سور | پە | را |
| صو | ڕەت | ف | ڕش | تو | پەر | وە | را | دل | گی | تی | یێ | جەن | تا | سە | را |
| - | بـ | | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - |
| سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (١٦=١٦) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: ڕەجەزی (٨) تەفعیلەی سالم.

ژمارەی ئەو هەلبەستانەی لەسەر ئەم قالبە نوسراوەن چاردە هەلبەستن:

| ژ | ناوی هەلبەست | لایەر |
|---|---|---|
| ١ | حوسن وجەمالا دلبەرا | ٣١ |
| ٢ | دیسا ئەزێ بێ مالم ئەز | ٥٩ |
| ٣ | دیسا گەلۆ چاوا کم ئەز | ٦٩ |
| ٤ | گەر دلبەرێ شێرین تە دیت | ٧٤ |
| ٥ | دل کوشتنە دوو ڕیتییێ | ٧٦ |
| ٦ | پەیڤا مە وەرە | ١٠٣ |
| ٧ | مە دی | ١٠٥ |
| ٨ | هەرچی .... ڕابو ژخەو | ١٠٦ |
| ٩ | ئەی ئاهووا | ١١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | شیرین شەکر | ١١٢ |
| ١١ | ئیرۆ ل سەر | ١٤٢ |
| ١٢ | ئیرۆ ئەڤین و سەرخۆشم | ١٤٩ |
| ١٣ | من دی مەها عەیدا مەزن | ١٥٣ |
| ١٤ | رابوو ژ خەو | ١١٠ |

**٢-٢-٢-٢- ڕەجەزی (٨) تەفعیلەی موزال:**

**دیسـان سـەرێ زولفێـن زەری دمـەل خـالا هاوەشـاند**
**رەوزەک خەفـی دا لەشـکەری هەریـەک ژنـور نیـدرەک کشـاند**[٣٥]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیـ | سا | سە | رێ | زول | فێن | زە | ری | د | مە | ل | خا | لا | ها | وە | شاند |
| رەو | زەک | خە | فی | دا | لەش | کە | ری | هەر | یەک | ژ | نور | نیـد | رەک | ک | شاند |
| - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | | - | - | ب | - |
| سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | | موزال | | | |

ــ ئاستی کێش:دروستە (١٦=١٦) برگە.

ــ ئاستی ڕیتم: ڕەجەزی (٨) تەفعیلەی موزال.

ژمارەی ئەو هەلبەستانەی بەم قالبە هەلبەستە نوسراوەن سێ هەلبەستن کە بریتین لە:

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | لاب لاب و گوشەن لاب لاب | ٤٠ |
| ٢ | ڤێ موحبەتێ دل کر هەبا | ٥٨ |
| ٣ | مە ژ ئاسینا سینا دل | ٦٧ |

**٢-٢-٢-٣- ڕەجەزی (٤) تەفعیلەی سالم:**

**دێم شوبهە با بەرگێن گولێ**

**سەلوا جوان قامەت وەلی**[٣٦]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دێم | شوب | هە | با | بەر | گێن | گو | لێ |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ |
| سە | لوا | جـ | وان | قا | مەت | وە | لێ |
| سالم | | | | سالم | | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (٨=٨) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: ڕەجەزی (٤) تەفعیلەی سالم

تەنها دوو هەلبەست لە سەر ئەم قالبەکێشە نوسراون:

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | دێم شوبهە | ١٤٦ |
| ٢ | حوسن و جەمالا قەد و بالا | ٢٣ |

ڕێژەی بەکارهێنانی قالبە کێشەکانی دەریای ڕەجەز لەدیوانی (گولزارا ئەڤیندارا) بەم شێوەیە:

| ژمارە | قالبە هەلبەست | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | رەجەزی (٨) تەفعیلەی سالم | ١٤ | ٪٧٠ |
| ٢ | رەجەزی (٨) تەفعیلەی موزال | ٤ | ٪٢٠ |
| ٣ | رەجەزی (٤) تەفعیلەی سالم | ٢ | ٪١٠ |
| | سەرجەم | ٢٠ | ٪١٠٠ |

**٢-٢-٣- کێشی ڕەمەل لە دیواندا:**

لە دیوانی (گولزارا ئەڤیندارا) دەریای ڕەمەل بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە، هەروەها ژمارەیەک قالبە هەلبەستی دەریای ڕەمەلی تێدا بەکارهاتووە، بەم شێوەیە:

**٢-٢-٣-١- ڕەمەلی تەفعیلەی مەحزووف:**

**بـــەس د ڤـــێ عەشـــق و ئەڤینـــێ بگـــرە ڤـــێ سەرســـاریێ**
**وەر دلـــۆ بەفـــرە ب ڕینـــێ ڕێ ب کـــن گـــول زارییـــێ**[٣٧]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەس | د | ڤێ | عش | ق و | ئە | ڤیـ | نێ | بگ | رە | ڤێ | سەر | سا | ریـ | یێ |
| وەر | د | لۆ | بەف | رە | ب | ریـ | نێ | رێ | ب | کن | گول | زا | ریـ | یێ |
| - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - |
| سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | | مەحزووف | | |

ـ ئاستی کێش: دروسته (١٥=١٥) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: ڕەمەلی (٨) تەفعیلەی مەحزووف.

سێ هەلبەست لەم دیوانە لەسەر ئەم قالبە هەلبەستە نوسراوە:

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەر |
| --- | --- | --- |
| ١ | ڤێ ئەڤینێ دل کەواندی | ٢٧ |
| ٢ | بەس دڤێ عشق و ئەڤینێ | ٣٣ |
| ٣ | قەی نەڤێ ئاب و زەمینێ | ٦٥ |

**٢-٢-٣-٢- ڕەمەلی (٨) تەفعیلەی مەقسوور:**

**مـــن ل بـــوس نانـــێ گولـــێ دێ بلبلـــەک بـــا گـــوت و گـــوت**
**دەر قەفـــەس زەرگا شـــەڤێ بـــەرگ و هناڤـــا مـــن دســـوت**[٣٨]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| من | ل | بوس | نا | نێ | گو | لێ | دێ | بل | بـ | لەک | با | گو | ت و | گوت |
| دەر | قە | فەس | زەر | گا | شە | ڤێ | جەر | گ و | هـ | نا | ڤێ | من | د | سوت |
| - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - |
| سالم | | | | سالم | | | | سالم | | | | مەحزووف | | |

ـ ئاستی کێش: دروسته (١٥=١٥) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: ڕەمەلی (٨) تەفعیلەی مەقسوور.

هەشت هەلبەست لەم دیوانەدا لەسەر ئەم قالبە نوسراوە.

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەر |
| --- | --- | --- |
| ١ | گەر ژبەر ڤان .... | ٤٢ |
| ٢ | من دخوابی دیی غەزالەکی | ٤٨ |
| ٣ | ڤێ ئەڤینی دل هەژاندی | ٥١ |
| ٤ | من ل بوستانێ گولێ دی | ٥٢ |
| ٥ | نەب مفعایێ... | ٥٦ |
| ٦ | ئەی حەبا | ٦٢ |
| ٧ | پرس کر پیرێ ئەڤینێ | ٧٢ |
| ٨ | دەر سەحەر.. | ٩٠ |

**٢-٢-٣-٣- ڕەمەلی (٨) تەفعیلەی مەخبوونی مەحزووف:**

**جارنــان چــاردە شــەڤینن ل جەهانــێ فەنــەرن**
**جارنـان شـوبهێ کەڤانـن نەبـە دیـر دو تـەوەرن**[٣٩]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جا | ر | نان | چار | دە | شە | ڤیـ | نن | ل | جە | ها | نێ | فە | نە | رن |
| جا | ر | نان | شوب | هێ | کە | ڤا | نن | نە | بە | دیـ | رو | تە | وە | رن |
| - | ب | - | - | ب | ب | - | - | ب | ب | - | - | ب | ب | - |
| سالم | | | | مەخبوون | | | | مەخبوون | | | | مەقسوور | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (١٥ = ١٥) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: ڕەمەلی (٨) تەفعیلەی مەخبوون مەقسوور.

تەنیا ئەم هەلبەستە لەسەر ئەم قالبە هەلبەستە نوسراوە.

**٢-٢-٣-٤- ڕەمەلی (٦) تەفعیلەی مەحزووف:**

**دل دڤــێ عــەورێ گەلــەک وەســتاهێ تــو**
**جــان تــوێ ماچەندڤەدەنــگ بەرداهــی تــو**[٤٠]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دل | د | ڤێ | عەو | رێ | گە | لەک | وەس | تا | هی | تو |
| جان | ت | وێ | ما | چەند | ڤە | دەنگ | بەر | دا | هی | تو |
| - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - |
| سالم | | | | سالم | | | | مەحزووف | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (١١ = ١١)برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: ڕەمەلی (٦) تەفعیلەی مەحزووف.

دوو هەلبەست لەسەر ئەم قالبە کێشە نوسراوە:

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەر |
|---|---|---|
| ١ | دل دڤێ عەورێ | ١١٤ |
| ٢ | ئەی دلێ پاکژ | ١١٦ |

### ٢-٢-٣-٥- ڕەمەلی (٦) تەفعیلەی مەقسوور:

لــەو د دل زولفــێ زەر و دێمــێ گولیــن
دل برهــ تینــە دو فالێــن فلفلیــن[٤١]

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەو | د | دل | زول | فێ | زە | رو | دێـ | مێ | گو | لین |
| دل | ب | رهـ | تیـ | نە | دو | فا | لێن | فلـ | ف | لین |
| - | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | ٥/- |
| سالم | | | | سالم | | | | مەقسوور | | |

ــ ئاستی کێش: دروستە (١١=١١)برگە .

ــ ئاستی ڕیتم: ڕەمەلی (٦) تەفعیلەی مەقسوور.

تەنها ئەم هەلبەستە لەسەر ئەم قالبە هەلبەستە نوسراوە.

ڕێژەی بەکارهێنانی قالبە هەلبەستی دەریای ڕەمەل لە دیوانی (گولزارا ئەڤیندارا):

| ژ | قالبە هەلبەست | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | رەمەلی (٨) تەفعیلەی مەحزووف | ٣ | ٪٢٠ |
| ٢ | رەمەلی (٨) تەفعیلەی مەقسوور | ٨ | ٪ ٥٣,٣٣ |
| ٣ | رەمەلی (٨) تەفعیلەی مەخبوون مەحزووف | ١ | ٪ ٦,٦٦ |
| ٤ | رەمەلی (٦) تەفعیلەی مەحزووف | ٢ | ٪ ١٣,٣٣ |
| ٥ | رەمەلی (٦) تەفعیلەی مەقسوور | ١ | ٪ ٦,٦٦ |
| | سەرجەم | ١٥ | ٪١٠٠ |

### ٢-٢-٤- کێشی موزارع لە دیواندا:

شاعیر ئەم دەریایەی بە ڕێژەیەکی گەلەک کەم لەدیوانەکەی دا بەکارهێناوە، بە شێوەیەک کە تەنها لە دوو پارچە هەلبەست دەردەکەوێت بەم شێوەیە:

### ٢-٢-٤-١- موزارعی (٨)تەفعیلەی ئەخرەب:

گایــەک ژداڤــێ زولفــێ بەلزیــن کــرم ب ئولفــێ
تــا هلنــەی ژ قلفــێ قــەد نایــە لــێ هوشــی(٤٢)

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گا | یەک | ژ | دا | ڤێ | زو | فێ | بەل | زین | ک | رم | ب | ئول | فێ |
| تا | هل | نە | ی | ژ | قل | فێ | قەد | نا | یە | لێ | چ | هو | شی |
| - | - | ب | - | ب | - | - | - | - | بـ | - | ب | - | - |
| ئەخرەب | | | | سالم | | | | ئەخرەب | | | سالم | | |

ـ ئاستی کێش: دروستە (١٤=١٤) برگە.

ـ ئاستی ڕیتم: موزارعی (٨) تەفعیلەی ئەخرەب

تەنها دوو هەلبەست لەسەر ئەم قالبەکێشە نوسراون:

| ژ | ناوی هەلبەست | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | گایەک ژداڤێ زولفێ | ١٣٠ |
| ٢ | جەنگالێ ڤێ ئەڤینێ | ١٠١ |

دوای ئەوەی هەموو پارچە هەلبەستەکانی دیوانی (گولزارا ئەڤیندارا) و قالبە هەلبەستەکانی پارچەکران و دیاریکران دەتوانین بلێن وەک دەرئەنجامێکی گشتی گەیشتین بەوەی کە هەردەریایەک بەڕێژەیەکی دیاریکراو لەم دیوانە بکارهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | کێشەکان | ژمارەی هەلبەست | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | هەزەج | ٢٣ | ٪٣٨,٣٣ |
| ٢ | رەمەل | ١٥ | ٪٢٥ |
| ٣ | رەجەز | ٢٠ | ٪٣٣,٣٣ |
| ٤ | موزارع | ٢ | ٪٣,٣٣ |
| | سەرجەم | ٦٠ | ٪ ١٠٠ |

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم لێکولینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- دیوانی گولزارا ئەڤیندارا بە زمانێکی خۆش و ئاسان نوسراوە و کێش و قالبەکێشەکانی گەلەکبە ئاسانی دیار دەبن، واتا شارەزای شاعیر لە هەلبەستەکانی دا دیارە.

٢- هەر چار دەریای ناسراوی هەلبەستی کلاسیکی کوردی لە دیوانیەکەی دا بەکارهاتووە، کەئەوانیش هەزەج، ڕەمەل، ڕەجەز و موزاریعن.

٣- دیوان لە (٦٠) هەلبەست پێکدیت، هەزەج بە ڕێژەی یەکەم دێت کە دبێنە (٢٣) هەلبەست، ڕەجەز بە پلەی دووەمە بە (٢٠) هەلبەست، ڕەمەل لە پلەی سێیەم بە (١٥) هەلبەستان و موەزاریع بە (٢) هەلبەستان لە پلەی چارەم دێت.

٤- ڕێژەیا سەدی هەر دەریایەک بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

- هەزەج: ٣٨,٣٣ ٪.

- رەجەز: ٣٣,٣٣ ٪.

- رەمەل: ٢٥ ٪.

- مەزاریع: ٣,٣٣ ٪.

٥- لە دیوانەکە دا پێنج قالبی ڕەمەل، چاری هەزەج، سێی ڕەجەز و یەکی موزارع بەکارهاتووە.

٦- لە دیوانەکە دا هەشت قالبی (٨) تەفعیلەییە، چار قالبی (٦) تەفعیلەیە و قالبێکی (٤) تەفعیلەیی بەکارهاتووە

**لیستی پەراوێزەکان:**

١. کتاب الكافي في العروض والقوافي، خطيب التبريزى، تحقيق: الاحساني حسن عبدالله، ط٣، مكتبة الخابطي، قاهرة، ١٩٩٤، ص١٧.

٢. کێش و سەروا دهەلبەستا کوردیدا، مەسعود جەمیل، دەزگەهێ نالبەند یێ چاپ و وەشانێ، دهـۆک، ٢٠١٧، ل٤٣.

٣. علم العروض والقافية، عبدالعزيز عتيق، دار الافاق العربي، القاهرة، ٢٠٠٠، ص١٥.

٤. في علم القافية، امين علي السيد، مكتبة الزهراء، القاهرة، ب ـ س، ص١٠.

٥. خليل بن احمدالفراهيدي ابو العروض والنحو العربي، سناء شعلان، نادي الجسر الثقافي والاجتماعی، ب ـ م، ص١١٣.

٦. هونەرێ کێشناسی و سەروایێ، تحسين ابراهيم دوسکی، ب ـ ش، ب ـ س، ل٥.

٧. علم العروض والقافية، عبدالعزيز العتيق، ص١٠.

٨. هونەرێ کێشناسی و سەروایی، تەحسين ابراهيم دۆسکی، ل٦.

٩. کێش و مۆسیقای هەلبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، دارالحریە، بغداد، ١٩٩٢، ل٥٢.

١٠. عەرووز وەک پێوەرێک بۆ ساغکردنەوەی شعری نالی، یادگار ڕەسول بالاکی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل(١٨ ـ٢٠).

١١. کێشناسیی کوردی، عەزیز گەردی، کتیبخانەی ئارام،

سلێمانی (رانیە)، ٢٠١٤، ل(٣٣ـ٣٤).
١٢. عەرووز وەک پێوەرک ...، یادگار رەسول، ل(٢٥ ـ٢٦).
١٣. کێش و قافیە لە شعری کوردی دا، مارف خەزنەدار، مطبعە الوفاء، بغداد، ١٩٦٢، ل٢٩.
١٤. کێش و ڕیتمی شعری فلکلۆری کوردی، محەمەد بەکر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٩٧.
١٥. بەراوردەیەکا کێشناسی دناڤبەرا عەروزا کوردی و فارسی (دیوانێ مەلایێ جزیری و حافزی شیرازی وەک نموونە)، حەلیما خورشید عەبدوللا، چاپخانە خانی، دهۆک، ٢٠١١، ل٢٢٤.
١٦. کێش و مۆسیقای هەلبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، ل١٧.
١٧. بحور الشعر العربي عروض الخليل، غازي يموت، ط٢، دار الفكر اللبناني، بيروت، ١٩٩٢، ص١١٠.
١٨. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.
١٩. دراسات في العروض والقافية، عبدالله درويش، ط٣، مكتبة الطالب الجتمعي، المكة المكرمة، ١٩٨٧، ص٥٠.
٢٠. العروض الواضح وعلم القافية، محمد هاشم، دار القلم، دمشق، ١٩٩١، ص١٠٢.
٢١. کێش و سەروایی د هەلبەستا کوردیدا، مەسعود جەمیل، ل٦٠.
٢٢. کێشناسیی کوردی، عەزیز گەردی، ل١٠٩.
٢٣. المعجم المفصل في علم العروض والقافية وفنون الشعر، أميل بديع يعقوب، دارالكتب العربي، بيروت، ١٩٩١، ص٨٤.
٢٤. هەمان سەرچاوە، ێ٨٧.
٢٥. کێش وسەروا د هەلبەستا کوردیدا، مەسعود جەمیل، ل٧٨.
٢٦. کێش و موسیقایی هەڵبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، ل١٠٧.
٢٧. أوزان الشعر، مصطفى حركات، دار الثقافة، قاهرة، ١٩٩٨، ص١٣٤.
٢٨. کێش و سەروا د هەلبەستا کوردیدا، مەسعود جەمیل، ل٨٦.
٢٩. دیوانا گولزارا ئەڤیندارا یا شیخ بەشیرێ هاشمی، ئامادەکرن: تەحسین ئبراهیم دۆسکی، ژ وەشانێن پەرتووکخانا جزیری، دهۆک، ٢٠٢٠، ل(٥-٩).
٣٠. هەمان سەرچاوە ، ل١٥٦.
٣١. هەمان سەرچاوە، ل٩٤.
٣٢. هەمان سەرچاوە ، ل١٢٧.
٣٣. هەمان سەرچاوە، ل٤٦.
٣٤. هەمان سەرچاوە، ل٣١.
٣٥. هەمان سەرچاوە ، ل٦٧.
٣٦. هەمان سەرچاوە، ل١٤٦.
٣٧. هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
٣٨. هەمان سەرچاوە، ل٥٢.
٣٩. هەمان سەرچاوە، ل٨٣.
٤٠. هەمان سەرچاوە ، ل١١٤.
٤١. هەمان سەرچاوە، ل٨٥.
٤٢. هەمان سەرچاوە، ل١٣٠.

**لیستی سەرچاوەکان**

**- بەزمانی کوردی:**


١. بەراوردەیەکا کێشناسی دناڤبەرا عەروزا کوردی و فارسی (دیوانێ مەلایێ جزیری و حافزی شیرازی وەک نموونە)، حەلیما خورشید عەبدوللا، چاپخانە خانی، دهۆک، ٢٠١١.
٢. دیوانا گولزارا ئەڤیندارا یا شیخ بەشیرێ هاشمی، ئامادەکرن: تەحسین ئبراهیم دۆسکی، ژ وەشانێن پەرتووکخانا جەزیری، دهۆک، ٢٠٢٠.
٣. عەرووز وەک پێوەرێک بۆ ساغکردنەوەی شعری نالی، یادگار رەسول بالاکی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.
٤. کێش و ڕیتمی شعری فلکلۆری کوردی، محەمەد بەکر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٥. کێش و سەروا دهەلبەستا کوردیدا، مەسعود جەمیل، دەزگەهێ نالبەند یێ چاپ و وەشانێ، دهۆک، ٢٠١٧.
٦. کێش و قافیە لەشعری کوردیدا، مارف خەزنەدار، مگبعە الوفاء، بغداد، ١٩٦٢.
٧. کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، عبدالرزاق بیمار، دارالحریە، بغداد، ١٩٩٢.
٨. کێشناسیی کوردی، عەزیز گەردی، چاپخانەی ئارام، سلێمانی (رانیە)، ٢٠١٤.
٩. هونەرێ کێشناسی و سەروایێ، تحسین ابراهیم دوسکی، ب ـ ش، ب ـ س.


**- بەزمانی عەرەبی:**


١٠. أوزان الشعر، مصطفى حركات، دار الثقافة، قاهرة، ١٩٩٨.
١١. بحور الشعر العربي عروض الخليل، غازي يموت، ط٢، دار الفكر اللبناني، بيروت، ١٩٩٢.
١٢. خليل بن احمدالفراهيدي ابو العروض والنحو العربي، سناء شعلان، نادي الجسر الثقافي والاجتماعى، ب ـ م.
١٣. دراسات في العروض والقافية، عبدالله درويش، ط٣، مكتبة الطالب الجتمعي، المكة المكرمة، ١٩٨٧.
١٤. الدليل فى العروض، سعيد محمد عقيل، عالم الكتب، بيروت، ١٩٩٩.
١٥. العروض الواضح وعلم القافية، محمد هاشم، دار القلم، دمشق، ١٩٩١.
١٦. علم العروض والقافية، عبدالعزيز عتيق، دار الافاق العربي، القاهرة، ٢٠٠٠.
١٧. فى علم القافية، امين على السيد، مكتبة الزهراء، القاهرة، ب ـ س.
١٨. كتاب الكافي في العروض والقوافي، خطيب التبريزي، تحقيق: الاحساني حسن عبدالله، ط٣، مكتبة الخابطي، قاهرة، ١٩٩٤.
١٩. المعجم المفصل فى علم العروض والقافية وفنون الشعر، أميل بديع يعقوب، دارالكتب العربي، بيروت، ١٩٩١.